راگەیاندنی کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ

هاونیشتمانانی دڵسۆز!
تێکۆشەرانی ڕێگەی ڕزگاری!
ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان!

هەر وەک هەموو لایەک دەزانن، ئێستا خەباتی نەتەوایەتی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قۆناغێکی ناسک و هەستیار دا تێدەپەڕێ. ئەم قۆناغەی ئێستا، چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە هەندەران، لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە یەکدەنگی و هەماهەنگی نێو تێکۆشەرانی ڕێگەی ڕزگاری بە گشتی و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە خەباتکارەکانی نێو گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتی هەیە. بە خۆشیەوە ماوەیەکی بەرچاوە زەروورەتی هاوکاری و هاوخەباتی و بیری دامەزرانی بەرە، کۆدەنگی یان لانیکەم دیالۆگی نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسی ناو میدیاکان و دەزگا ڕاگەیاندنەکانە و بە دەیان لێکدانەوە و پێشنیار و وتاری دڵسۆزانە لەم بوارەدا چاپ و بڵاو بوونەتەوە.
دیارەسەرجەم پارت و لایەنە سیاسیە کوردستانییەکانیش هەریەک لە ئاستی خۆیانەوە هەنگاوێکی لەم چەشنەیان بۆ ئەم قۆناغە کە ئێستا ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێدا تێپەڕ دەبێت بە پێداویستیەکی حاشا هەڵنەگر زانیوە.
لەم ڕوانگەیەوە پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی نۆرویژ، هەوڵدان بۆ دامەزرانی کۆمیتەیەکی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە مەبەستی لێکنزیکبوونەوە و هاوکاری و هاوخەباتی لە پێناو پشتگیریی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە قاودانی تاوانەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆر و داگیرکەری ئێران و هەروەها هەرچی زیاتر ناساندنی دۆزی کوردی بە کۆڕ وکۆمەڵی نێو نەتەوەیی، بە پێویستیەکی هەنووکەیی زانی .
هەر بۆیە پاش زنجیرە کۆبوونەوەیەک لە چەند مانگی ڕابردوودا و، ئاڵوگۆڕی بیروڕا و تاوتوێ کردنێکی هەمەلایەنە، لە ڕۆژی 2010/04/16 بەو ئاکامە گەیشتن کە دامەزراندنی " کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ " ڕابگەیەنن .
شایانی باسە کە ئەم حیزب و ڕێکخراوانە پێکهێنەری ئەم کۆمیتە هابەشەن و پرۆتۆکۆلی کاری هاوبەشیان واژۆ کردووە:

- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
- رێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان
- پارتی سەربەخۆیی کوردستان
- بزوتنەوەی دیموکراتیکی یارسان
- پارتی سەربەستی کوردستان
- کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان
- حیزبی دیموکراتی کوردستان

بەو هیوایەی کە لە داهاتویەکی نزیکدا هەموو پارت و لایەنەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە وەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی نەتەوەیی و زەروورەتی ئێستای خەباتی هاوبەشمان، بەشداری لەو کۆمیتە هاوبەشەدا بکەن و دەوڵەمەندتری بکەن.

هیوادارین بە هەوڵی هەموو لایەک کۆمیتەکە بتوانێ ئامانجەکانی بە باشی بپێکێ و ببێتە خاڵێکی پۆزەتیڤ بۆ نزیکبوونەوەی پارت و لایەنەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستێکی باڵاتردا .

بە هیوای هاودەنگی هەرچی زیاتر

کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆروێژ
2010/04/16